# هەڕەشەكانی سوپای تورك خۆ دزینەوە لە قەیرانە ناوخۆییەكان

پارێزەر: كەیفی مستەفا عەلی



توركیای ئێستا دروستكراو بە رێبازی و بەرنامەی سكۆلاری لە جەوهەردا ناسیونالیستی لە سەر دەستی ئەتاتورك لە دوای كۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی و نەمان و لە پاڵیەك هەڵوەشانەوە ی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و خۆشكاندنەوەی دەوڵەتی تازە دامەزراوی توركیا بە لای رۆژئاواوی سەركەتو لە جەنگ، تێگەیشتن و خوێندنەوەی واقعی ئەوێ رۆژێ بیریار و سیاسەتمەدارەكانی تورك لە هاوكێشە سیاسیەكانی جیهان و گرنگی توركیا ئەو سەردەمەش لە رووی جیۆپۆلەتیكی بۆ رۆژئاوا سەرەرای شكست خواردنی ئەو ئیمپراتۆریەتە بەڵام لەسەر كلتور و پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بۆ خۆ دۆزینەوە لە سزاكانی دەوڵەتە براوەكانی جەنگ، سیاسیەكانی ئەوسای تورك توانیان خۆیان و گەلەكەیان بپارێزن و بەرژەوەندیە نەتەوەكانیشیان نەك هەر بپارێزن بەڵكو گەشەشیان پێدەن لەسەر حسابی بەشێك لە نەتەوەكانی تری وەكو كورد و ئەرمەن و ئەوانی تریش، ئەو رەوتەش درێژەی كێشا لەسەر لاشەو مەعاناتی گەلانی تر كە تاكو ئێستا درێژەی هەیە، دوای روخانی بلوكی رۆژهەلأت، توركیا ئەو گرنگیەی خۆی لە دەست داو بە پلەی جاران بایەخی نەما كێرڤی گرنگی توركیا رۆژ بە رۆژ لە دابەزیندا بوو تا گەیشتە رووداوەكانی سێپتەمبەر و راگەیاندنی جەنگی دژە تیرۆر و رابەرایەتی كردنی لەلایەن ئەمریكا بە پلەی یەك و رۆژئاوا ئەگەر سەرنج بدەین گۆرانكاریەكانی سیاسەتی جیهان توركیا لە هاوكێشە سیاسیەكان بە زۆری لە پەراوێزدایە كە ئەو پەراوێز خستنەش بۆ زۆر هۆكار دەگەرێتەوە، كە گرنگترینیان پێداگرتنی سوپایە و وەك دامەزراوەیەك هەمیشە هەرەشە لە هەر حكومەت و دەسەڵاتی مەدەنیانەی دیموكراسخواز لە توركیا دەكات، تاكو رۆژگاری ئەمرۆ پیرۆزیە نەتەوەیەكانی خۆی لەسەر حسابی مافەكانی مرۆڤ نەتەوەكانی تر بەرجەستە دەكات و بەناوی بەرژەوەندی نەتەوەی سەردەست سڵ لە هیچ بەها مرۆڤایەتیەكان و یاسا نێو دەوڵەتیەكان ناكاتەوە، سەرەرای داتەپینی باری ئابووری وولأتی توركیا بە درێژایی مێژوو كە لە مێژووی كۆندا زۆر بە ئاسانی بۆیان دەلوا وەك گەلێكی شەرانگێز و پەیدا كردنی بژێوی ژیانیان پەلاماری نەتەوەو گەلەكانی هاوسێیان بدەن كەلە واقعی ئەوێ رۆژێدا لۆجیكی هێز زمان حاڵی دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتەكان بوو، تاكو ئێستاش لەگەڵدا بێت سەرەڕای ئەو هەموو گۆرانكاریانەی كە لە جیهاندا روویانداوە تاكو دەگاتە ئەمرۆ توركیا و جەنەرالەكانی نەیانتوانیوە خۆیان لەو عەقڵیەتە و كلتورە بۆماوەیە دەرباز بكەن، دیارە ئەوان لە بیریان چۆتەوە كە یەكێتی سۆڤیەتی جاران نەماوە، لە ساڵی 2003 دا لە كاتی جەنگ ئەمریكا بەسەر رژێمی دكتاتۆری بەغدا بەردباران و سوكایەتی پێكردنی هێزەكانی ئەمەریكا هەروا بە ئاسانی تێپەر دەبێت، تاكو ئێستا وولأتی توركیا نەیتوانیوە پێگەیەكی ئابووری بەهێز لە وولأتەكەی پێكەوە بنێت كە بتوانێت لەو لایەنەوە قەرەبووی فاكتەرە لە دەست چووەكانی خۆی كە زەمەن و جیۆپۆلەتیك دەیخولقێنن دەستەبەر بكات، توركیای ئێستا لە هەناوی خۆیدا گۆرەپانێكی پڕ قەیران و كێشەیە بێگومان چارەسەری بۆ نە دۆزێتەوە ئەلتەرناتیفەكانی دیار نەكات ناتوانێت برەو بە ژیانی ئاسایی خۆی وەك دەوڵەتی ئێستای توركیا بدات، بۆیە جەنەراڵە سەر دەستەكانی سوپا بە حوكمی ئەو واقعەی كە ئێستا لە كوردستانی باشووردا هەیە و رۆژ بە رۆژ بە نسبەت ئەمەریكا و بەرژەوەندیە جیهانیەكانیش رۆڵ و كاریگەری خۆی دەسەپێنێ و لە برەودایە بە هەر نرخێك و هەر باجێك بێت ویستوویانە لە باری ببەن و كێشە و گرفتی بۆ بخولقێنن، دەنا ئەوان زۆرباش دڵنیان لەوە كە ئۆپەراسیۆنی سەربازی چارەسەری كێشەی سیاسی نەتەوەیەكی بیست ملیۆنی نیە خۆشیان نایانەوێت (PKK) قەلأچۆ بكەن، ئەگەر نا رێگە ئاسانتر و لە بارتر هەیە بۆ چارەسەر كردنی ئەو كێشەیە و چارەسەر كردنیش لە بنەما چەسپاوەكانی بەرژەوەندی وولأتی توركیایە وەك دەوڵەت و رزگاربوونیشە لە چەندین قەیرانی ناوخۆیی، هەرێمی بە ئەورووپاشەوە، ئەو گرنگیەی لە رووی جوگرافی و جیۆپۆلۆتیكی كە سەردەمێك لە توركیا ئۆقرەی گرتبوو بە دڵمان بێت یان نا ئەوا ئەمرۆ كوردستانی باشوور دڵی ئەو پێگە جیۆپۆلەتكیە هەر وا بە ئاسانیش نە بە تورك، ئەوانی تر كە چاویان بە كورد هەڵنایەت و خواستیانە تا دونیا دونیایە هەر بە داگیر كراوی ژێر دەستەیی بمێنێتەوە و پارویەكی ئاسان نیە بە زەمانەتی یەك ریزی كورد و جوانتر كردنی ئەزموونەكەی و زیاتر گرنگیدان بە بنەماكانی دیموكراسی و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ، بە عەقلانیتر هەنگاونان

بەرەو هێرش بردن لە جیاتی مانەوەی لە سەنگەری بەرگری چونکە بە دڵنیاییەوە مافی ئێمە لە لای ئەوان زەوت کراوە نەک بە پێچەوانەوە کە دەبێت ئێمە لە سەنگەری هێرش و سەر کۆنە کردنیان دابێت، نەوەک لێیان بپارێرینەوە هێرش نەکەنە سەرمان، پێویستە لە ناوەندە جیهانیەکان زیاتر ریسوا بکەین و مەسەلە رەواکەشمان گەشاوەتر و یاسایانە بخەینە بەردەم ناوەندەکانی هێز بەردەوام رای گشتی جیهانی.